گرامەری تەقلیدی بەگشتی بایەخ بە ووشەو دارشتنی ووشە ئەدات . هەر ووشەیێك لە زمانا
قاڵبەکانی چینو لەچ ڕەگ‌و پاشگرو پێشگرێ یێك هاتووە و نژادی و ئەو قۆناغانەی پیایا
تێپەڕیووە و ماناکانی چین . . . هتد . بێ ئەوەی دەوری پەیوەندی نێوان بەشە بنچینەکانی
ستە . لە دەست نیشان کردنی قاڵبە جیاوازەکانی ووشە دەربخات .

یێکیێ لە سەخترین و ئاڵۆزترین لایەن لە زمانا جیا کردنەوەی لێقڵی مۆرفۆلوجی (دارشتنی ووشە)و لێقڵی سینتاکسە (دارشتنی ڕستە) . ئەم سەختی‌یە – لە زمانی کوردی‌یا – لەم نموونەیەدا خۆی دەرئەخات :

ئایا (**ئەیانبینین**) ڕستەیە یا ووشەیە ؟

**١ – گەر ڕستە بێ پێناسینی ووشە چی‌یە ؟**

**٢ – گەر ووشە بێ پێناسینی ڕستە چی‌یە ؟**

بێ ئەوەی خۆمان بخەینە گێژاوی ئەم مەسەلەیەوە ، لەم قۆناغەدا وای لە قەڵەم ئەدەین کە گۆڕینی قاڵبی ووشە دوو هۆی هەیە :

١ – هۆی مۆرفۆلۆجی : هەندێ (ئەفیکس) (پێشگر و پاشگر و ناوگر) ئەخرێنە سەر ڕەگ و ووشەی زمانەکەوە بۆ دروست کردنی ووشەی تازەی تری خاوەن مانای تازە ، بێ ئەوەی ئەم ئەفیکسانە هیچ پەیوەندی‌یێکی ووشەکە بە بەشێکی تری ڕستەوە دەربڕن وەك (هەڵ –) ، (ڕا–) ، (–ەوە) ، (–ن)هتد .

**گرتن – هەڵگرتن**

**– ڕاگرتن**

**خواردن – خواردنەوە**

**نووست – نووستن . . .هتد**

٢ – هۆی سینتاکسی : هەندێ ئەفیکس ئەخرێنە سەر ڕەگ و ووشەوە بۆ دەربڕینی پەیوەندی نێوان ئەم ڕەگ و ووشانە بە بەشەکانی تری ڕستەوە . (وەك ڕاناوەکانی لکاو پەیوەندی‌ی نێوان بکەر وفرمان دەرئەبڕن) .

بۆ جیا کردنەوەی ئەم دوو لایەنە سەیری ئەم نموونەیە بکە .

(ن)ی(نووستن)لە ڕستەی


**ئەوان نووستن**

جیایە لە (ن)ی (نووستن) لە ڕستەی

**نووستن خۆشە**

(ن)ی یەکەم پەیوەندی نێوان بکەروفرمانی دەربری (واتا پاشگرێکی سینتاکسی‌یە) (ن)ی دووەم خرایە سەر ڕەگی فرمان بۆ دروست کدنی ناو . (واتا پاشگرێکی مۆرفۆلوجی‌یە) .

بەم جۆرە ئەبێ قاڵبە جیاوازەکانی ووشە لەناو چوارچێوەی ڕستەدا دەست‌نیشان بکرێت چونکە هەندێ دارشتن‌و گۆڕین بەستراوە بە گۆڕینی پەیوەندی ووشەکە بە بەشەکانی تری ڕستەوە . یێکێ لەم لایەنانە ، لە دارشتنی ئەو جۆرە فرمانانەدا دەرئەکەوێ کە بە (فرمانی بکەر نادیار – المبنی للمجهول)ناو ئەبرێت . یاسای گۆڕینی ڕستەی بکەر دیار بۆ بکەر نادیار :




واتا :


١ – بکەر و ڕاناوی لکاو لا ئەبرێن


٢ – بەرکار دێتە خوار و جێی بکەر ئەگرێ بەڵام چەمکی (بەرکاری)ی خۆی نادۆڕێنێ .

٣ – ڕەگی داهاتووی فرمانەکە وەرئەگرێت و گەر کاتەکە رابردوو بوو (را)ی وەك پاشگرێ ئەخرێتە سەر ، گەر کاتەکە داهاتوو بوو (رێ) .


٤ – نیشانی جۆری کات (مەبەست لەمە (ئە)ی هەمیشەیی و (بوو)ی رابردووی . .هتد) شوێنی خۆی ئەگرێ .

٥ – بە پیێ کەس وژمارەی بەرکارەکە ڕاناوێکی لکاوی ئەخرێتە سەر – فرمانەکە وەك تێنەپەڕ خۆی ئەنوێنێ .






کرمانجی سەروو سیستەمێکی جیاواز لەم رووەوە پێشان ـ
ئەدات :




**واتا**

١ – بکەر و ڕاناوی لکاو لائەبرێن


٢ – بەرکار دێتە خوار .

٣ – چاووگی فرمانەکە وەرئەگیرێت .

٤ – (هاتن –ە)زیاد ئەکرێ و ئەخرێتە نێوان بەرکار و فرمانەوە .

٥ – کاتی فرمانەکە لەبەر فرمانی (هاتن) ئەکرێ .

٦ – بە پێ‌ی کەس وژمارەی بەرکارەکە ڕاناوێکی لکاو بە فرمانی (هاتن)ەوە ئەلکێنرێت . وەك




**تێبینی**

گەر فرمانەکە لە کاتی داهاتوودا بێ و بەرکار بە ڕاناو دەربڕابێ ئەوە ڕاناوەکە لە کۆمەڵی (من – تە . . .هتد)ئەبێ . کە ڕستەکە گۆڕرایە ڕستەیێکی بکەر نادیار ڕاناوەکە ئەبێ بگۆڕێت بە کۆمەڵی (ئەز – تو. .هتد)–

